

# هونەرمەند خەندە کەمال:

## هونەر زمانێکی پێبەخشیووم کە بەبێ دەنگی ئەدوێت

**هونەر ئەو دونیایەیە کە مرۆڤ هەمیشە تیایدا لە دەوروبەر دەڕوانێت و ئاوێنەیەکە بۆ نیشاندانی ئەو خەمانەی کە کۆتاییان نایە، ئەو خەونانەی کە بە دەگمەن دێنەدیو هەمیشە مەستانە بە دوایەوە ئەڕۆین. یەکێك لەو هونەرمەندە هەست ناسکانەی کە بەردەوام بەدوای جوانییەکاندا وێڵە، هونەرمەند (خەندە کەمال)ە، کە دەرچووی بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، خاوەنی چەندین کاری هونەری جوانە، ماوەیەکە کەمتر کارەکانی دەبینرێت. سەبارەت بە کارە هونەرییەکانی و ژیانی هونەری لە دیدارێکدا وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

**دیداری: دەرباز- سلێمانی**

### لە کەیەوە خولیای هونەر لە تەکتا ڕێ دەکات؟

– نالێم لە منالییەوە ئەو خولیایەم هەبووە، چونکە کاتێك منالێ بوومو پاشان خوێندکاری سەرەتای بووم، وەك هەر منالێکی تر وێنەی شاخو داخم زانیوە دروست بکەم، وە هەموو مندالێکیش حەزێکی بێ سنووری هەیە بۆ وێنە کردن. بیرم نایەت ڕۆژێ لە ڕۆژان وێنەیەکم کردبێت کە جێگای سەرنج بێت و جیاواز بێت لە وێنەکانی ترو نیشانەیەك بێت بۆ ئەوەی کە لە مندالییەوە ئەو بەهرەیەم هەبێت، بەڵام لە پاش خوێندنی ناوەندی حەزێکی زۆرم بۆ هەموو جۆرەکانی هونەر هەبوە، بەشداریم ئەکرد لە پێشانگای ساڵانەی خوێندنگەکەم دا، پاشان لە قوناغی سێیەمی ناوەندیدا هەوڵمدا بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بەڵام ماڵەوەمان ڕازی نەبوون ناچار ئامادەیم خوێند خۆشبەختانە ئەوکاتەی خوێندکاری شەشەمی زانستی بووم کۆلێجی هونەر کرایەوە، پاشا تەواو بوونی قۆناغی ئامادەیم لە کۆلێجی هونەر وەرگیرام و برەوم بە حەزەکەم داو بەشی پەیکەرسازیم تەواوکرد.

### هونەر چی پێ بەخشیوویت؟

– هونەر زمانێکی پێبەخشیووم کە بەبێ دەنگی ئەدوێتو ئەبێتە

هۆی دەربڕینی ووشە وون بووەکان .

**ئەو شێوازەی لە کارەکانتا بەکاری دەهێنیت کامانەن؟**

– شێوازێکی تایبەتم نییە بە ئیشەکانم چونکە ئەو ئیشەی ئەیکەم زۆر جار خۆی جۆرەکە دیاری ئەکات، منیش بەو جۆرە لەگەڵیا ئەڕۆم.

**بەشداری چەند کاری هونەریت کردووە ؟**

– تەنها بەشداریم لە فێستڤاڵی کۆلیجدا بووەو تا ئێستا دەرفەتێکی وام بۆ نەگونجاوە کە بەشداری لە کاری هونەری دا بکەم، بەڵام لەمەو دوا بەرنامەم هەیە بۆ بەشداریکردنم لەو کارانەدا .

**بە نیازیت هەموو ژیانت بۆ هونەر تەرخان بکەیت ؟**

– هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە هونەر بکەم بە هەموو ژیانم! چونکە ئەگەر وا بکەم ئەوا هاوسەنگی لە ژیانم دا نامێنێت کە ئەمەش پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە، منیش بەشێکم لەو سروشتە ئەبێت هەموو شتەکان بوونیان هەبێت، لە ژیانما هەر شتەو بەپێی قەوارەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکەم .

**بە هۆی هونەرەوە گۆڕانکاری بەسەر ژیانتا نەهاتووە؟**

– هەموو شتێك بەپێی قورسایی خۆی گۆڕان بەسەر مرۆڤدا دێنێت، هونەر وای لە من کرد کە خۆڕاگریم و بڕوا بە خۆبوونم تێدا دروست بکات .

**بۆچی کارەکانت لە پێشانگایەك ناخەیتە ڕوو ؟**

– پێشانگا تەنها ئەوە نییە کە هەر ئیشێکت هەبوو تێیدا نمایش بکەیتو بیر لە ئەنجامی دواییەکەی نەکەیتەوە، کە ئایا کاردانەوە خەڵكو هونەرناسەکان بۆ ئیشەکانت چۆن دەبێت؟ منیش کاتێك بڕیاری نمایش کردنی ئیشەکانم ئەدەم کە بزانم ئیشەکانم لەو ئاستەدان کە ڕەخنەیەکی کەمم لێدەگیرێت، چونکە هیچ شتێك بێ ڕەخنە نابێتو ڕەخنەش پاڵنەرە بۆ گەشەسەندنی هەموو کارێك.

**تا چەند ئازادییەکانی ژنان لە کارەکانتا ڕەنگی داوەتەوە ؟**

– کارەکانم بە گشتی هەمووی باس لە ئافرەت ئەکاتو ئەتوانم بڵێم ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی ژیانی ئافرەتی تێدا بەرجەستە ئەبێت، بەهەموو خۆشیو ناخۆشیەکیەوە، زۆریش ئاسوودەم بە دەربڕینی ئازادی و لەهەمان کاتدا چەوساندنەوەی ئافرەت لە کارەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە.

**لەگەڵ هیچ گروپێکی هونەری کار دەکەیت ؟**

– نەخێر.

**پرۆژەی هونەریت بۆ ئاینده چی یە ؟**

– بەنیازی کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەتیم لە داهاتوودا.

